# ئەنوەر شێخانی

# ماڵئاوایی کرد

سەرلەبەیانیی رۆژی دووشەممە ٢٣-٩-٢٠١٩، هونەرمەند ئەنوەر شێخانی دوای ململانێ لەگەڵ نەخۆشی، کۆچی دوایی کرد و لە شاری هەولێر بە خاک سپێردرا. ژیانی شێخانی شانۆییەک بوو، بە دەستیی مەشخەڵی شانۆی هەڵگرتبوو لە دڵیشیدا کوردایەتی، بە هۆی کاری رێکخستن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٣ راپێچی خوارووی عێراق کرا، دواتر لەوێشەوە لە زیندانی دیوانییەوە توانی روو لە شاخ بکات.



## سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ئەنوەر شێخانی کرد

### بەر لە ساڵێک ڕێز لە ئەنوەر شێخانی گیرا

لەلایەن لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر لە نێو میوانان و ئازیزان و هونەرمەنداندا لە ڕێورەسمێکی شایستەدا ڕۆژی ٥-٩-٢٠١٨ لە بەرامبەر ٤٠ ساڵ خزمەتکردن لە بواری شانۆ و سینەما و، ئەزموون و مێژووی جوان و پڕ بەخشش، ڕێز لەهونەرمەند ئەنوەر شێخانی گیرا.

یەکێک لە ئەکتەرە دیار و ناسراوەکانی شانۆ و هونەری کوردی ئەنوەر شێخانییە، کە بە مام سمایل ناسراوە، شێخانی لە ساڵی ١٩٧٠ دەست بە کاری نواندن دەکات، یەکەمجار لە شانۆی مارەییدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ. تاوەکو ئێستا لە دەیان فیلم و شانۆ و زنجیرە درامادا بەشداریی کردووە .

******

### ژیاننامەی هونەرمەند ئەنوەر شێخانی

- ئەنوەر شێخانی ساڵی ١٩٥١ لەدایک بووە، لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا دەستی بە کاری شانۆیی کردووە، دەستپێکی کاری هونەری لە ساڵی ١٩٧٠ لە تیپی پێشڕەوی سەر بە سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بووە، شانۆگەریی (سەرەتان) یەکەمین کاری شانۆیی بووە کە بەشداریی تێدا کردووە، بەڵام بۆ تۆماری تەلەفزیۆنی ناوەکەی گۆڕا بۆ (مارەیی).
- دوای ٥ ساڵ لە کاری ڕێکخستن بۆ پارتیی دیموکراتی کوردستان، لە نەورۆزی ١٩٧٣ دەستگیر دەکرێت و لەگەڵ ئەشکەنجەدان و ڕاگواستن بۆ دیوانیە، پاشان ڕادەکات و پەیوەندی بە بارەگای هێزی دەشتی هەولێر دەکات لە دێگەڵە و، دەبێتە پێشمەرگە، سەرەتا لە ناوچەی قەڵادزێ دەبێت، دوای شۆڕش دەچێتە ئێران و لە ساڵی ١٩٧٦ دەگەڕێتەوە، راستەوخۆ لە دوای گەڕانەوە دووبارە ڕادەگوازرێتەوە بۆ دیوانیە.
- لە ساڵی (١٩٧٦) لە ڕێگەی هەڵبژاردن بووەتە بەڕێوبەری هونەریی کۆمەڵ و هونەر و وێژەی کورد مەڵبەندی گشتی و تیپی شانۆیی لادێ، لەبەر ڕێگریکردن لە دەستوەردانی چالاکی، حزبی بەعس نەیانهێشت لە ساڵێک زیاتر بەردەوام بێت.
- دامەزرێنەری کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان/ هەولێر ١٩٩١/٣/٣١.
- ساڵی ١٩٩٢دەستەی دامەزرێنەری تەلەفزیۆنی (KTV)بووە.
- دەستەی دامەزرێنەری چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی بووە کە دیارترینیان بەرنامە جەماوەرییە (ارتجالی)یەکەی هەگبەی کوردەواری بووە، وەکو یەکەمین بەرنامەی فۆلکلۆری و کولتووری و لە هەمان کاتدا وەکو یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکان بۆ ماوەی ١٠ ساڵ (١٩٩٣-٢٠٠٣) بەردەوام بوو لە KTV.
- دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای هونەرمەندانی کورردستان بوو لە ساڵی ١٩٩٨، (٤) ساڵیش وەکو سکرتێری گشتی سەندیکا هەڵبژێردرا.
- لەگەڵ یەکگرتنەوەی سەندیکا و یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان لە کۆنگرەی یەکگرتن لە ساڵی ٢٠٠٦، وەکو سکرتێری گشتی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان هەڵبژێردرا و کارەکتەری سەرەکی بوو لە پێشخستنی یەکگرتنەوەکە و ڕێکخراوەکە بوو.
- لە زیاتر لە ٦٠ کاری شانۆیی وەکو ئەکتەر و بەڕێوبەری بەرهەم و دەرهێنان بەشداری کردووە.

وەکو ئەکتەرو بەرهەمهێنەر بەشداریی نزیکەی لە ١٠ فیلمی سینەمایی ناوخۆیی و بیانی درێژ کردووە و فیلمەکان لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان دەسکەوتی بەرچاویان هەبووە.

- سەرپەرشتی و بەشداری دەیان درامای کردووە و ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دەیان کورتە فیلم، بەڕێوبەری بەرهەمی دیکۆمێنتاری، دیارترینیان کە ناوبانگی نێودەوڵەتی بەرچاوی هەبوو (گۆڕە بە کۆمەڵەکان، عەلی کیمیایی) بوون.
- بەشداری لە چەندین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کردووە و خاوەنی چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانە.

### هونەرمەندان دەربارەی ئەنوەر شێخانی چی دەڵێن؟

**ئەحمەد سالار :** وەک چۆن برای شیری هەیە، ئەنوەر شێخانیش بۆ من برای شانۆییە، لە بەرهەمەکانی من بەشداری لە پتر لە دە بەرهەمدا کردووە، ڕۆڵی هەر کەسایەتییەکی



گێڕا بێت زۆر بە باشی رۆڵی بینیوە، وەك ئەوەی بڵێی بە بەرگی ئەو دووراوە، ئەنوەر شێخانی گەنمی قەندەهارییە، هەموو شتێکی لێ دی.

**ئەنوەر قادر رەشید:**

دیارە لەدەستدانی مامۆستا ئەنوەر شێخانی کەلێنێکی گەورە لە رەوتی هونەریمان جێ دەهێڵێ و یەکێکە لە کارەسات و ناسۆرە بەردەوامەکانی کولتووری نەتەوایەتیمان، من ئێستا لە کوردستانم و لاپتۆپم نەهێناوە و نووسینیش بە مۆبایل زۆر سەختە، بۆیە داوای لێبوردن ئەکەم و تەنیا ئەوەندەم لەدەست دێ لە پای خەمی گەورەمان بۆ کۆچی مامۆستا، ئومێدی بۆ بخوازین رۆحی پاکی شاد و مەزاری چراخان بێ و سەبووریی بۆ خانەوادە بەرێزەکەی دەخوازین.

**فەرهەنگ غەفور:**

ئەنوەر شێخانی ناوو سیمایەکی دیاری دونیای هونەر و شانۆی کوردستانە، لەو چەند ساڵەی تەمەنیدا بێ ماندووبوون و وەستان، لەناو کار و چالاکیدا بوو، بەرهەمی زۆری پێشکەش بە گەل و نیشتمان کرد. بۆیە بە وەغەرکردنی، کەلێنێکی دیکە کەوتە تەنیشت کەلێنەکانی وەغەری هونەرمەندانی پێش خۆی. دەمەوێ ئەوەش بڵێم، کە (مام سمایل)ی ناو دراماکان، کاك ئەنوەر شێخانی لە یادەوەریماندا هەر دەمێنێتەوە و داوی میهرەبانی و بەخشندەیی خوای دلۆڤانی بۆ دەکەین و خوای گەورە سیەبووری ئێمە و کەسوکاری بدات.

**ئەرسەلان دەروێش:**


ئازیزم! کاك ئەنوەر ئۆغرت خێر و رەوانت شاد، لەم ژیانە سەخت و پڕ زەحمەتە تۆ نزارێك گوڵی سەرووەریت چنییەوە و وەك تاجە گوڵینەی بەخشش و نیشتمانپەروەری، تەوێڵی بەرزت بەرەو نەمریی پێ رازاندەوە، بەئارامی چاوانت لێك بنێ، تۆ لە هزر و ویژدانماندا هەردەم زیندوویت..ماڵتئاوا..

**هونەرمەند هیوا سوعاد:**

ئەنوەر شێخانی رۆڵێکی کارای هەبوو، سەرەتا لە کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان وەك سکرتێری کۆمەڵەو، دوای دامەزراندنی سەندیکای هونەرمەندانیش رۆڵێکی باشی گێڕا، دواتربوو بە رێکخراوی هونەرمەندانیش سکرتێر بوو، واتە لە رووی رێکخراوییەوە رۆڵی هەبوو، زۆری حەز دەکرد هونەرمەندان لە رێکخراوێك کۆ بکاتەوە، مام ئەنوەر یەکێك بوو لەوانەی زۆر چالاك بوو، بۆیە هونەرمەندێکی زۆر چالاکمان لە دەستدا، لە هەر شوێنێك بوایە ئەو شوێنە گەرم وگوڕ دەبوو بە باسی هونەری، لە بواری سینەماش رۆڵێکی کارای هەبوو، بۆیە لە دەستدانی مام ئەنوەر خەسارەتێکی گەورەیە بۆ هەموو لایەکمان.


**فرمێسك مستەفا:**

کاك ئەنوەر شێخانی بە مانا دڵسۆز و خۆ بەخت کردوو بۆ میلەت و هونەرەکەی هونەرمەندێکی رەسەن بوو!! ئەو گەڕایەوە بۆ ماڵ، ئێمەش لەسەرمانە رێگەکەی تەواو بکەین . درود بۆ گیانی پاکی





# بیرەوەرییەک
# لەماڵئاواییتدا ئەنوەر گیان



حەمە ڕەشید هەرەس

سالّی١٩٧٤ئەو کاتەی لە دەنگی کوردستان بێژەرو نووسەر بووم، بارەگاکەمان لە دۆڵێك بوو، لەدامێنی گوندی مەمیخەلان لە دەڤەری چۆمان. کوڕێکی گەنجی ڕۆحسووك لە نانەواخانەکەمان کاری دەکرد، ڕۆژێکیان هاتەلام و خۆی پێ ناساندم. ئەو وتی: من ناوم ئەنوەرە، من هەروەك خزمەت نانەوایی دەکەم، ئەگینا منیش هونەرمەندم و لە یەك دوو کاری شانۆییدا بەشداریم کردووە، منیش هەندێك ستایشم کردو، بووین بە دۆستی یەکتر، ئەوەندەی پێنەچوو کە فیشەکێك لە دەستی پێشمەرگەیەك دەرچوو، وا بزانم بەر لاقی کەوتبوو، زۆرمان پێ ناخۆش بوو، چووم بۆ سەردانی و،دڵخۆشیم دەدایەوە، کەچی ئەو هەر پێدەکەنی، سالّی٢٠٠٢ هاتمە هەولێر مۆنۆدرامایەکم لە ڕۆژی شانۆی جیهانیدا پێشکەش کرد، هات بۆ لام و وتی حەز دەکەم یارمەتیت بدەم و، شانۆکەت بۆ ئامادە بکەم، زۆرم پێخۆش بوو، دوای ئەوەش ئەو ماوەیەی لەوێ مامەوە، هەمیشە لەلام بوو و بەجێی نەدەهێشتم، ئەو کاتە لە سەندیکای هونەرمەندان یاریدەدەری برای بەڕێز ئەحمەد سالار بوو.

لە ماوەکانی پێشوودا زوو زوو هەواڵیم دەپرسی و، دەیانگوت نەخۆشە، تا دوێنێ بیستم کۆچی دوایی کردووە، لە ناخەوە ئازارم چەشت، ماڵئاوا ئەنوەر گیان کەسە روحسووکە، دڵپاکە، هونەرمەندە بەتواناکەم.

## مالیکا: تـ




هەمـوو ئافرەتێـك خـەون بـەوەوە دەبینێـت رۆژێـك لـە رۆژان ببێـت بـە دایـك، بـەڵام خانمـە ئەكتـەری بۆڵیـۆد مالیـكا شـیرویت لـە گشـت ئافرەتـان جیاوازتـرە و رەتـی دەكاتـەوە ببێت بـە دایـك و رایدەگەنێت كـە ناتوانێت ئـەو بەرپرسـیاریەتییە هەڵبگرێـت».

هەرچەندە مالیكای تەمـەن ٤٢ ساڵە، سەرەڕای سـەرقاڵی بـە كارە هونەرییەكانـی دایكایەتـی لـە هزریـدا نییـە، بـەڵام كاتێكـی زۆری بـۆ رانشر لامپـای برازای تەرخـان كـردووە و بەم دواییە لەگـەڵ خـۆی بـردی بـۆ فیسـتیڤاڵی كانـی سینەمایی لـە فەرەنسـا.

لـە وەڵامـی پرسـیارێك دەربـارەی خۆشەویسـتی بـۆ منـداڵان و ئایـا لـە دوارۆژدا خـۆی

## ئەدیل لە رقی مێردەکەی کۆشکێک بە ١٠ ملیۆن دۆلار دەکڕێت



ژمارەیـەك ماڵپـەڕی جیهانـی چەنـد وێنەیەكـی كۆشـكە نوێیەكـەی خانمـە گۆرانیبێژی ناوداری بەریتانـی )ئەدیل(یان بڵاوكردەوە، كـە دەكەوێتـە دوور چەنـد مەترێـك لـە ماڵـی سـیمۆن كۆنیكـی هاوسـەری پێشـووی، كـە دوای ٩ سـاڵ پەیوەندیـی هاوڕییەتـی و هاوسـەرێتی پێـش ماوەیـەك جیابوونـەوەی خۆیـان راگەیانـدوو.

ئەدیلی تەمـەن ٣١ ساڵ كە بەر لە ماوەیەك لە دادگا داوای كـرد پـەروەردە كردنـی ئەنجیلـۆی كوڕیـان لەگـەڵ كۆنـە هاوسـەرەكەی هاوبـەش بێـت، لـە چەنـد رۆژی رابـردوودا زیاتـر لـە ١٠ ملیـۆن دۆلاری لـە خانـووە نوێیەكەیـدا خـەرج كـردووە، كـە دەكەوێتـە ناوچـەی



## ـــــــــاقەتی دایکایەتیم نییە

وەك دایك دەبینێت، شیرۆیت بێ دو دڵی گوتی: «من ئامادە نیم ببم بە دایك، چونکە ئەمە بەرپرسیاریەتێکی گەورەیە و من نامەوێ، ئەگەر منداڵێکم هەبێت پێویستە هەمیشە بیری لێ بکەمەوە، چۆن پەروەردەی بکەم و بیبەم بۆ کامە قوتابخانە و چەندین پرسیاری دیکە، بۆیە من ئێستا زۆر ئاسوودەم و نامەوێ بەرپرسیاریەتی منداڵ بۆ خۆم زیاد بکەم، من ئێستا سینگڵم، بەڵام دەمەوێ هەمیشە لە حاڵەتی خۆشەویستی و رۆمانسیەتدا بژیم، چونکە ئیلهام بەخشە بۆ سەرکەوتن لە کارەکانمدا»، بەپێی چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە مالیکا ئەم قسانەی دوای ئەوە دێن کە دەرکەوتووە لە ئێستادا لە پەیوەندییەکی خۆشەویستی نوێدایە لەگەڵ بیزنسمانی ناوداری فەرەنسی سیریل ئۆکسینڤانس و ئامادەیی خۆیشی دەربڕیوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ژیانی هاوسەریتی پێك بهێنێتەوە.

### سۆفیا سیمۆندس:

## کیم کارداشیان دژایەتیی دەکردم

ئەکتەر و مۆدێلی ئەمریکی سۆفیا سیمۆندس رایگەیاند کە لە سەرەتاکانی کاری نواندندا، کیم کارداشیان بە جددی دژایەتی کردووە و هەوڵیداوە دووری بخاتەوە لە گۆڕەپانەکە، لە ترسی ئەوەی نەوەك ناوبانگ دەربکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ریکلامدا ئیمزا کرد.

سۆفیا کە بە رەچەڵەك مەغریبییە زیاتر گوتی: «دوای ئەوەی گرێبەستێکی کارکردنم لەگەڵ کۆمپانیایەکی ریکلامدا ئیمزا کرد و هاتمە نێو گۆڕەپانی کاری سینەمایی و تەلەفزیۆنی واقع، کیم کارداشیان بە هەموو شێوەیەك دەستی کرد بە دژایەتی کردنم، سەرەتا لە رێگا هاککەرەکانەوە هێرشی کردە سەر ئەکاوەنتەکانم لە سۆشیال میدیا، دواتر چەند ئەکاوەنتێکی وەهمیی بە ناوی منەوە کردەوە، بەجۆرێك لە زۆر کاتدا هەستم دەکرد لە ژێر چاودێریدام و کەسانێك هەن کە دیانەوێ تۆمەتی ناڕەوام بۆ هەڵبەستن، بەڵام من گوێم بەم کارانە نەدا و بەردەوام بووم لە پێشکەوتن، دواتر بۆم دەرکەوت کە کیم ئەو ئاستەنگانەی بۆ من درووستکردووە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو بە تەمەن لە من گەورەترە، بەڵام جەستەم لەگەڵ جەستەی ئەو جیاوازیی هەیە، ئەوەش کە زیاتر تورەی کرد، لێدوانی هەندێك لە رۆژنامەنووسان بوو، کاتێك رایانگەیاند من دەتوانم شوێنی ئەو بگرمەوە».

لەلایەکی دیکەوە سۆفیا گشت ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە کە لە سۆشیال میدیا بڵاوکراونەتەوە و باس لەوە دەکەن، پەیوەندیی لەگەڵ یاریزانی پورتوگالی کریستیانۆ رۆناڵدۆ هەبێت، لەم رووەوە گوتی: «بە رێکەوت رۆژێکیان لە وڵاتێکی ئەورووپی چاومان بە یەك کەوت، بۆیە کەسانێك ویستیان ئەمەش بقۆزنەوە بۆ ئەوەی ناوبانگ پەیدا بکەن، بە خەیاڵی خۆیان زۆر شتیان نووسی بێ ئەوەی بەڵگەیان هەبێت.

بیڤرلی هێلز کە دەکەوێتە بەرامبەر ئەو خانووەی سیمۆن تێیدا دەژی.

ئەم کۆشکە کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەری رابردوو بونیات نراوە، لە پێنج ژووری نووستن پێکدێت و رووبەرەکەی ٦٠٤٥ پێی چوارگۆشەوە و کتێبخانەیەکی گەورە و ستۆدیۆیەکی هونەری و هۆڵێکی کاری پیشەیی و هۆڵێکی وەرزشیشی تێدایە.دوای جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی بە ماوەی کەمتر لە مانگێك ئەدیل ئەم کۆشکەی کڕی.

جێگای وەبیر هێنانەوەیە پێشتر ئەدیل زیاتر لە نۆ ملۆن دۆلاری لە خانوویەکی دیکەدا خەرج کرد، لە شوێنێك کە زۆرترین ئەستێرەی هونەریی وەك (جنێڤەر لۆرانس، کاتی بیری، کامیرۆن دیاز، ئاشتۆن کۆتشر، میلا کۆنیس، بینیلۆپی کرۆز، خافییر باردم و نیکۆل کیدمان) تێیدا دەژین.

مۆد ئادمسۆن
بەڕێوەبەری بەشی
بازاڕی فیستیڤاڵی
فیلمی کان:

# ئەنیمەیشنەکان بازاڕێکی باشتریان لە جیهاندا هەیە



به پێی راپۆرتی لێژنەی پەیوەندییەکان و راگەیاندنی ۳۲هەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مێرمنداڵانی ئێران، کۆبوونەوەی بازاڕی فیلمی (کان) بە ناونیشانی چۆن فیلمەکەی خۆمان بەرەو جیهان ئاراستە بکەین، بە ئامادەبوونی خاتوو «مۆد ئامسۆن» بەڕێوەبەری بەشی بازاڕی فیستیڤاڵی فیلمی کانی فەرەنسا لە کتێبخانەی ناوەندیی شاری ئیسفەهان بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا «مۆد ئامسۆن» بە دەربڕینی ئەوەی کە هەموو ساڵێك فیستیڤاڵی فیلمی کان میوانداریی ٦٠ فیلم لە بەشی کێبڕکێدا دەکات، کە لە نێوان دووهەزار فیلمی خوازیاردا هەڵدەبژێردرێت، گوتی: «بەرپرسایەتی من بەشی نمایشکردن و ئاراستە کردنی فیلمەکانی بەشداربووە لە فیستیڤاڵی کاندا، من هەر ساڵە و لەگەڵ ڕێژەیەکی زۆر کۆمپانیا و بڵاوکەرەوەی جیهانی لە پەیوەندیدام. هەموو ساڵێك ٤٠ کۆمپانیای گەورەی دونیا لە بەشی بازاڕی کان ئامادە دەبن و فیلم گەلێکی زۆر دەکڕن، بۆ ئەوەی بۆ پەخش و بڵاوکردنەوەی جیهانیی خۆیان کەڵکیان لێ وەربگرن». ئەوەشی ڕاگەیاند کە لە بازاڕی کان بەشی جۆراوجۆر هەیە، کە بۆ ئاسانکاری و ئیزن پێدانی کەڵك وەرگرتن بۆ بەشداربووەکان پێك دەهێندرێت، بەشی (رزیدێنسی) یەکێکە لە بەشەکانی بازاڕی فیستیڤاڵی کان کە هەموو ساڵێك بە ٦ نەفەر لەو کەسانەی کە داڕێژەرن، پلانی ئەوان دەنێردرێت و پەسەند دەکرێن، ئەمەش توانای ئەوەیانم پێ دەبەخشێت کە بە تێچووی فیستیڤاڵ لە شاری پاریس نیشتەجێ ببن و نەشە و پلانی خۆیان تەواو بکەن و بیخەنە بەر دەستی فیستیڤاڵەوە. بەشێکی دیکە بۆ کورتە فیلمەکانە کە قوتابخانەکانی فیلمسازی لە دونیادا فیلمەکانی خۆیان دەنێرن و لە دوای پەسند کردنیان لێژنەی لەلایەن ناوبژیوانان، ئەم فیلمانە پێنج مانگ لە ماڵپەڕی فیستیڤاڵی کان بۆ بینین و سەردانی گشتی دادەندرێن.

لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «بەشێکی دیکە لە فیستیڤاڵی فیلمی کان هەیە کە پێگەی وێبسایتی «سیناندۆ»یە و زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە کەسانی پسپۆڕ و پیشەیی لە دونیای سینەمای جیهاندا دەخاتە بەر دەستی ئێوە و ئێوەش دەتوانن لەم ماڵپەڕەدا بەرهەمەکانی خۆتان بۆ کۆمپانیاکان بخەنە بەر دەست، ئەم بەشە بە ئامادەبوون لە فیستیڤاڵی کان بە شێوەی بێ بەرامبەر بۆ ماوەی یەك ساڵ دەکەوێتە بەر دەست، بەڵام بە پێدانی بڕە پارەیەکی جودا دەتوانن لەم ماڵپەرەدا ئەندامێتی وەربگرن». فیستیڤاڵی فیلمی کان فیستیڤاڵێکی گەورەیە، دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ مرۆڤە گەورەکانی بواری سینەما لە ناو دڵی فیستیڤاڵی کان کە جەماوەرێکی زۆر میوانداری دەکات، یەکجار سەختە، بەڵام ئێمە هەموو ساڵێك هەلومەرج و بارودۆخێك پێك دەهێنین، بۆ ئەوەی کە سینەماکارانی لاوو تازە پێگەیشتووی ئەم بوارە لەگەڵ گەورەکانی سینەما ئاشنا بکەین.

لە درێژەی ئەم کۆبوونەوەیەدا «مۆد ئامسۆن» بەڕێوەبەری بەشی بازاڕی فیستیڤاڵی کانی فەرەنسا وڵامدەری پرسیارەکانی ئامادەبووان بوو، گوتی: «سەبارەت بەو ئاستەنگ و بەربەستانەی کە لە سینەمای هەندێك لە وڵاتاندا بوونی هەیە، تەنانەت ئێمە زۆر تامەزرۆین کە بزانین سینەماکار چۆن لەگەڵ ئەم بابەتە سازاوە، من زۆرتر کارم بازاڕە و سەبارەت بە بازاڕ دەتوانم بڵێم ئێمە بەربەستێکمان بۆ ئاراستە کردنی فیلم لە بازاڕی کان نییە. دەبێ سەرنج لەوە بدرێت کە سەبارەت بە بازاڕ قسە دەکەین و دەبێ بەر لەوەی کە فیلم چێ بکەین، بەم خاڵە سەرنج بدەین کە ئەگەر فیلمەکە یەکجار خۆماڵی بێت، بۆ بەردەنگی بیانی و ناوخۆیی بەدڵنیاییەوە جیاوازە. بازاڕی فیلم دەبێ لە لایەن ئێوەوە بناسرێت، بۆ ئەوەی کە بتوانن ئامرازەکانی فیلمەکەی خۆتان بە چەشنێك داڕشتن و ئامادەکاری بۆ بکەن، کە هەم لە بەشی کێبڕکێ و هەم لە بەشی بازاڕدا سەرکەوتوو بێت. هەروەها سینەمای منداڵانیش زنجیرە یاسا و ڕێسایەکی تایبەت بە خۆی هەیە و ئاساییە کە دەبێ ئامانج و مەبەستی فیلمەکەی خۆتان لە کاتی پێشترەوە بە فیکر و هزر دایڕێژن و ئامادەی بکەن». ئامسۆن هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بە چۆنیەتی بەشداریکردنی وڵاتان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی فیستیڤاڵدا ڕایگەیاند: «کان یەك فیستیڤاڵی نێودەوڵەتییە کە بەشێکی دەوڵەت و بەشێکی دیکەی لە ڕێگای سپۆنسەر و لایەنە پاڵپشتیکارەکانەوە دابین دەکرێت، بەڵام چەندین بەش و دێپارتمان لە فیستیڤاڵی فیلمی کاندا هەیە کە دەتوانن لەگەڵ ئەوان پەیوەندی بگرن و کێشە و گرفتەکانتان چارەسەر بکەن».

روانگەی سیاسیی فیستیڤاڵی کان بۆ هونەر بابەتێکی دیکە بوو کە هاتە ئاراوە و ئامسۆن سەبارەت بەوە گوتی: فیستیڤاڵی کان هەموو ساڵێك هەوڵی داوە بەدەر لە هەر جۆرە تێڕوانین و روانگەیەکی سیاسی تەنیا بەپێی پێوەرەکانی خۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدات و هیوا دەخوازین ئەم رووداوە وەدی هاتبێت. فیستیڤاڵی فیلمی کان لە هەردوو بەشی بازاڕ و کێبڕکێدا بە کەڵك وەرگرتن لە بیر و بۆچوونەکانی هونەرمەندانی دیار و هەڵکەوتەی جیهانی بەڕێوەدەبرێت».

سەبارەت بە پێکهێنان و داڕشتنی فیستیڤاڵی فیلمی کان بۆ چێکردنی زنجیرە دراما لە جیهاندا ڕایگەیاند: «هێشتا ئەم رووداوە لە فیستیڤاڵی کان نەهاتۆتەوئاراوە و فیستیڤاڵ تەنیا دەپرژێتە سەر فیلمە سینەماییەکان، هەڵبەت پێم وایە بازاڕگەلێکی تایبەت بە داڕێژەکان و زنجیرە دراماکانی تەلەڤیزیۆنی بوونی هەیە. هیوا دەخوازم لە داهاتوودا بەشێك لە بازاڕی فیستیڤاڵی فیلمی کان سەبارەت بە زنجیرە دراماکانی تەلەڤیزیۆنی بکرێتەوە.